
# ڕابەری ئەوانەی که عومره دەکەن



ئامادەکردنی
إحسان برهان الدين

چاپی دووەم 2010

# ڕابەری ئەوانەی
# کە عومرە دەکەن

ئامادەکردنی
إحسان برهان الدين

# پێشەکی چاپی دووەم

سوپاس بۆ خوای گەورە چاپی دووەمی ئەمناميلكەيە بەئەنجام گەیشت، پاش ئەوەی لە چەندین کەسەوە هەواڵم زانی کەسوودی لێوەرگیراوە و داوام لێکرا چاپێکی تری بکەم بەهۆی تەواو بوونی نوسخەکانی، داواکارم لە خوای بە بەزەیی بیکاتە مایەی سوود بۆ ئەو موسوڵمانانەی ڕوو دەکەنە ماڵەکەی بۆ عومرە کردن، من و هەرکەسێکیش کە یارمەتی داوم لە دەرچوونی ئەم ناميلكەيە بێبەشمان نەکات لەپاداشت و بەزەیی خۆی، بەکارێکیش وەری بگرێت کە تەنها لەپێناو خۆیدا ئەنجام درابێت...والحمد لله رب العالمين

احسان برهان الدين

کلار ١/١٠/٢٠١٠

# ڕابەری ئەوانەی کە عومرە دەکەن

سوپاس و ستایش بۆ خوای باڵادەست و، درووود و سڵاو لەسەر گیانی پاکی موحەممەد و یارو یاوەرانی و شوێنکەوتوانی تا ڕۆژی دوایی.

**ئەی برای موسوڵمان :**

داواکارم لە خوای گەورە پێویستیەکانی عومرەکەت بۆ ئاسان بکات بەو شێوەی پێی رازی دەبێت بە پێی سوننەتی پێغەمبەری سەروەرمان(ﷺ). برای خوازیاری سەردان کردنی ماڵی خوا بۆ ئەوەی عومرەکەت وەرگیراو بێت لەلای پەروەردگار، پێویستە هاو شێوەی عومرەکردنی پێغەمبەر(ﷺ) بێت، بۆیە ئێمەیش ئەم نامیلکەیە دەخەینە بەردەستت، بۆئەنجام دانی ئەو مەبەستە کە زۆرێکی لە نوسراوێکی تایبەت بەم باسەوە وەرگرتووە لە مامۆستایەکی سعودی بەرێز بە ناوی (طلال احمد العقیل) .

بۆیە راسپاردە ئەکەم بۆ خۆم و بۆ ئێوەش ئەو ساتە بەنرخانە لە پەنای ماڵی خوا و شوێنە پیرۆزەکانی تر بقۆزینەوە و، لە خواپەرستن دا بەسەری بەرین ، هەروەها لەو ماوە کەمەی کە دەمێنینەوە خۆمان بەدوور بگرین لە قسەی ناشیرین و ناکۆکی کردن لەسەر هەندێ شتی بێ بایە وەکو ئەو گرفتانەی دروست دەبن لەناو سەیارە و ئوتێل و ... دەبنە مایەی کەمکردنەوەی پاداشت و لە دەست دانی کەش و هەوای رۆحی لەو جێگاپیرۆزانە، هەروەها بەحەیفی دەزانم زۆربەی کاتەکان لەبازارەکاندا بەسەر ببرێت بۆ کرینی شتومەك و کاڵا، چونکە بێگومان پاش گەرانەوە لەو شوێنە پیرۆزانە شوێنێکت دەست ناکەوێت دوو رکات نوێژی تیا بکەیت و پاداشتی سەد هەزار رکاتی تیا وەرگریت، یان هیچ ئاوێکی سازگاری ترت دەست ناکەوێت لەچەشنی ئاوی زەمزەم، بەڵکو هیچ جێگایەك نیە لەسەر گۆی زەویدا (لە پیرۆزیدا) بگاتە مەککە و مەدینە، بۆیە دەڵێم: بەختەوەری بۆ ئەو کەسەی شاد دەبێت بە سەردانی ماڵی خوا و، کاتەکانی لەخوا پەرستن و سەردانی شوێنە پیرۆزەکاندا بەسەر دەبات.

و الحمد لله اولا و اخرا.

احسان برهان الدین

کلار ١٣/٨/٢٠٠٩

# ئەی موسوڵمانی بەڕێز..

پێش ئەوەی پۆشاکی ئیحرام بپۆشیت ( مستحب ) وایە ئەم کارانە ئەنجام بدەیت :

١- نینۆك گرتن و بەر سمێڵ کردن و لابردنی مووی ژێر باڵ.

٢- خۆشتن ئەگەر هیچ گرانیەکی تیا نەبوو ئەو کارە.

خۆشتن سوننەتە بۆ پیاو و ئافرەت، تەنانەت ئەوانەش کە لە ( حیض ) و ( نفاس ) دان.

٣- پێویستە پیاو هەموو پۆشاکێکی دوراو داکەنێت و پۆشاکی ئیحرام لەبەر بکات.

٤- ئافرەت پێویستە پەچە و دەسکێش داکەنێت و، سەرپۆش بەسەریدا بدات، یان ڕوومەتی بشارێتەوە لە پیاوانی نا مەحرەم ، ئەگەر سەر پۆشەکەیش لە دەم و چاوی بدات قەیناکات.

٥- پاش خۆشتن پیاو خۆی بۆنخۆش دەکات و ، نابێت پۆشاکی ئیحرامەکەی بۆنخۆش بکات.

ئافرەت بە گولاوێك خۆی بۆنخۆش دەکات بۆنەکەی دەرنەچێت.

٦- پاش تەواو بوونی ئەم کارانە نیەت دەهێنیٚ و دەڵێت :

# ئەی موسوڵمانی بەڕێز..

## لبيك اللهم عُمرة

ئەمەیش بە ئیحرام دەژمێردرێت با بە زمانیش نیەت نەهێنێ ، ئەگەر نیەتەکەش بخاتە پاش نوێژی فەرزێکەوە چاکترە ، ئەگەر کاتی نوێژی فەرزیش نەبوو، دەتوانێت دەست نوێژ بگرێت و دوو ڕکات سوننەتی دەست نوێژ بکات و نیەتی بهێنێ.

# شوێنەکانی ئیحرام..

ئەو شوێنانەی ئیحرامی لێوە دەکرێت :


پێغەمبەر (ﷺ) پێنج میقاتی داناوە بۆ ئیحرام کردن پێویستە لەسەر هەموو کەسێك نیازی حەج و عومرەی هەبێت لەو شوێنانەوە ئیحرام بکات .

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت :

((هن لهن و لمن اتى عليهن من غير اهلهن ممن اراد الحج و العمرة))

أخرجه البخاري و مسلم

واتە : ئەو شوێنانە بۆ ئەو کەسانەیە و، ئەوانەش لەوێوە تێپەڕ دەبن لە خەڵکانی تر، لەوانەی دەیانەوێت حەج و عومرە بکەن.



# شوێنەکانی ئیحرام..

**ذو الحليفة** میقاتی خەڵکی مەدینەیەو ، هەرکەسێکیش لەو ڕێگەیەوە بڕوات، ئەمڕۆ بە ( ابيار علي ) دەناسرێت.

**الجحفة** میقاتی خەڵکی شام و مەغریب و میسر و ، ئەوانەیە کە لەو ڕێگەوە دەڕۆن ، نزیك شاری ڕابیغە و خەڵکی لەوێوە ئیحرام دەکەن.

**قرن المنازل** میقاتی خەڵکی نەجدە و ئەوانەیش کە لەوێوە تێپەڕ دەبن و، ئەمڕۆ ( السيل الكبير ) ی پێ دەوترێت.

**يلملم** میقاتی خەڵکی یەمەنە و، هەرکەسێکیش لەو ڕێگەوە بڕوات، خەڵکی لە ( السعدية ) وە ئیحرام دەکەن.

**ذات العرق** میقاتی خەڵکی عێراق و ئەوانەشە لەو ڕێگەوە دەڕۆن.

پێویستە لەسەر هەموو ئەو کەسانەی لەو میقاتانەوە دەڕۆن بۆ حەج و عومرە لەوێوە ئیحرام ببەستن، هەرکەسێکیش بە ئەنقەست ئیحرام نەکات، تا لێیان تێدەپەڕێت، پێویستە لەسەری بگەڕێتەوە لەو جێگایەوە ئیحرام بکات، ئەگەر ئەوە نەکات پێویستە لەسەری مەڕێك سەر بڕێت لە مەککە و گۆشتەکەی دابەش بکاتە سەر هەژارەکاندا لەوێ، خەڵکی مەککەیش لە مەککەوە ئیحرام دەکەن بۆ حەج ، بەڵام بۆ عومرە لە دەرەوەی مەککە ئیحرام دەکەن وەکو تەنعیم...

کاتی وتنی : ( لبيك اللهم لبيك ) لە ئیحرام پۆشینەوە دەست پێدەکات تاکو سەرەتای تەواف.

# قەدەغەکراوەکانی ئیحرام..

لە پاش ئیحرام پۆشین لە جێگای دیاری کراو ، پێویستە لەسەر ئەو کەسانەی دەیانەوێت عومرە بکەن خۆیان دووربگرن لە :



- لابردنی موو یـان نینۆك، بەلاّم ئەگەر قژی سەری خۆی لێی بوەرێت، یان لەبیری چوو و ئەو کارانەی کرد، یان نەیزانی بەقەدەغە بوونیان، ئەو کەسە هیچی لەسەر نییە.



- ئەو کەسەی ئیحرامی پۆشی بۆی نییە خۆی یان پۆشاکەکەی بۆن خۆش بکات ، گرفتیش نییە ئەگەر بۆنی گولاّوی پێشی ئیحرام بمێنێتەوە بە لاشەیەوە، بەلاّم ئەگەر بە پۆشاکەکەیەوە بوو پێویستە بیشوات.



- ڕەوا نییە کەسێك ئیحرامی پۆشی سەری دا پۆشێت، یان کلاّو و شتی تر لەسەر بکات وەکو خوترە و عەمامە و ... بەلاّم ئەگەر لە بیری بچێت یان نەزانێت بە قەدەغە بوونی، پێویستە لەسەری پۆشاکی سەری لابدات هەر کاتێك یادی کەوتەوە یان حوکمەکەی بۆ ئاشکرا بوو.



- ئەو کەسەی ئیحرامی کرد ڕەوا نیە هیچ پۆشاکێکی دوراو لەبەر بکات وەکو کراس و شەرواڵ و پێلاّو .... مەگەر کەسێك ناچار بێت و هیچی دەست نەکەوێت لە پۆشاکەکانی ئیحرام.



# قەدەغەکراوەکانی ئیحرام..











- ڕەوا نیە بۆ ئەو کەسەی عومرە بکات خوازبێنی ئافرەت بکات، یان ژن مارە ببڕێت بۆ خۆی ، یان بۆ کەسی تر ، هەروەها قەدەغەیە بچێتە لای خێزانی خۆی ، یان بە شەهوەتەوە لێی نزیك بێتەوە، بە هۆی ئەو فەرموودەیەی عوسمانی کوڕی عەففان ڕەزای خوای لێ بێت دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەر (ﷺ) کە فەرموویەتی :

**( لا ينكح المحرم ولا ينكح ولا يخطب )** رواه مسلم

- ڕەوا نیە بۆ ئافرەت لەکاتی ئیحرامدا دەستکێش لەدەست بکات یان ڕوومەتی دا پۆشێ بە( نقاب ) و ( برقع ) مەگەر بۆ ئەوە بێت خۆی لە پیاوی نامەحرەم دا پۆشێت ( ئەمە لەسەر بۆ چوونی ئەوانەی کە دەڵێن ڕوومەتی ئافرەت عەورەتە ).
- قەدەغەیە لەسەر موسوڵمان لە ئیحرامدا بێت یان نەبێت، نێر بێت یان مێ ، هەڵسێ بە ڕاوکردن لەدەشت و دەر لەسنووری حەرەمی مەککە.
- قەدەغەیە لەسەر هەموو موسوڵمانێك لە ئیحرامدا بێت یان نەبێت، دارو ڕووەکی سەوز لە مەککەدا ببڕێت لەوەی کە خۆی دەڕوێت بەبێ دەستێوەردانی مرۆڤەکان.
- ڕەوا نییە بۆ هیچ موسوڵمانێك لە ئیحرامدا بێت یان نەبێت ، شتی ون بوو هەڵگرێت لە حەرەمی مەککە وەکو پارە و ئاڵتون و زیوو و شتی تر .... مەگەر بۆ ئەوە بیناسێنێت و خاوەنەکەی بدۆزێتەوە.

# ڕێگەپێدراوەکانی ئیحرام..



لەدەست کردنی سەعات و، بەکارهێنانی سەماعەی گوێ و، ئەنگوستیلە و نەعل و چاویلکە و پشتێن و کەمەرکە پارەی تیا دەپارێزرێت.





بەکارهێنانی چەتر و شتی تر بۆ سێبەرو، هەڵگرتنی پێوستی و جێگا و پێخەف لەسەر سەرو ، پێچانەوەی برین و ، پۆشاکی ئیحرام و سەرشتن و خۆشتن.





ئەگەر موو بوەرێت بەبێ ئەوەی بەئەنقەست بێت، یان سەری دا پۆشێت بە هۆی لەبیر چوونەوە یان نەزانین، پێویستە لەسەر دا پۆشەرەکەی سەری لا بدات هەرکاتێك بیری هاتەوە یان حوکمەکەی بۆ دەرکەوت...





**ئیحرام نوێژێکی تایبەتی نییە**





شێوەی تەلبیە کردن..

**لبيك اللهم لبيك .. لبيك لاشريك لك لبيك**

**ان الحمد و النعمة لك و الملك ... لاشريك لك.**



# تەوافی عومرە..

ئەو کەسەی دەیەوێت عومرە بکات، کاتێك دەگاتە مەککە، (مستحب) وایە لەگەڵ گەیشتنی خۆی بشوات (غسل) بکات، ئینجا بچێت بۆ مزگەوتی حەرام کە ماڵی خوای تیایە بۆ ئەوەی واجباتی عومرە ئەنجام بدات ..

- ئەگەریش بچێت بۆ (المسجد الحرام) بێ ئەوەی خۆی بشوات هیچی لەسەر نییە.

کاتێك دەچێتە ناو مزگەوتەکەوە پێی ڕاستی دەخاتە پێش و دەڵێت:

(أعوذ بالله العظيم و وجهه الكريم و سلطانه القديم

من الشيطان الرجيم .. اللهم افتح لي أبواب رحمتك)

- ئینجا دەڕواتە لای کەعبە و دەست دەکاتە تەواف کردن.

سوننەتیش وایە بۆ پیاو لە تەواف کردندا (اضطباع) بکات، واتە: شانی ڕاستی ئاشکرا بکات و، ناوەڕاستی پۆشاکەکەی بخاتە ژێر باڵی و هەر دوو سەرەکەی بخاتە سەر شانی چەپی..

ئینجا دەست دەکاتە ئەنجامدانی حەوت جار تەواف کردن و، لە (الحجر الأسود) ەوە دەست پێدەکات، جا ئەگەر بۆی کرا با ماچی بەردە ڕەشەکە بکات، بە بێ ئەوەی ئازاری خەڵکی بدات بە پاڵنان و قسەی ناشیرین کردن ولێدان، چونکە ئەوە هەڵەیە، بەڵکو ئەوەندە بەسە بەدەستت ئاماژە بکەیت بۆ بەردە ڕەشەکە لە دوورەوە وە بڵێیت: الله أكبر، بێ ئەوەی ڕاوەستیت کاتێك دەگەیتە لای بەردەکە.

# تەوافی عومرە..

ئازاردانی موسوڵمانان لە پێناو ماچکردنی بەردە ڕەشەکە حەرامە.

- بەم شێوە بەردەوام دەبێت و خۆی دەپارێزێت لە ئازاردانی هیچ موسوڵمانێك یان دەنگ بەرزکردنەوە یان هەر کارێکی نابەجێ.

کاتێك دەگاتە لای گۆشەی یەمانی دەستی پێوە دەدات ئەگەر هەندێ لە خەڵکی وا دەکەن و، سەرپێچی سوننەت دەکەن ، ئەگەر بۆی نەکرا دەست بداتە ڕووکنی یەمانییەوە ، پێویستە بەردەوام بێت لە تەوافەکەیدا بێ ئەوەی ئاماژەی بۆ بکات، سوننەتیش وایە لە کاتی تەوافکردن دا لە نێوان (الحجر الاسود) و (الركن اليماني) دا بڵێت:

(ربنا آتنا في الدنيا حسنة وفي الآخرة حسنة وقنا عذاب النار)

- بەم شێوە بەردەوام دەبێت تاکو حەوت جار تەواف دەکات، هەمووجارێك لە (الحجر الاسود)ەوە دەست پێ دەکات و، هەر لەوێشەوە تەواو دەبێت.

سوننەتیش وایە لە سێ جاری یەکەمی تەوافدا پەلە بکرێت لە ڕێکردندا و هەنگاوەکان نزیك بن، ئەمەیش تەنها بۆ تەوافی هاتن بۆ حەج و تەوافی عومرە.


تەواف لە (حجر الاسود) دەست پێدەکات هەر لەوێشەوە تەواو دەبێت.

# چەند تێبینیەک لەکاتی تەوافدا ..

* هەندێك لەناو حیجرەوە دەست دەکەنە تەواف کردن، ئەوەش هەڵەیە ، چونکە ( حجر اسماعیل ) هەر بە خودی کەعبە دادەنرێت، بۆیە پێویستە لەدەرەوەی تەواف بکرێت.

* دەست پێوەدانی هەموو گۆشەکانی کەعبە و دیوارەکانی و پۆشاکەکەی و دەرگاکانی و مەقامی ئیبراهیم سەلامی خوای لێ بێت ، هەموو ئەو کارانە جائیز نین و بیدعەن و پێغەمبەر (ﷺ) هەرگیز ئەو کارانەی ئەنجام نەداوە.

* شەڕەشانی ژنان لەگەڵ پیاواندا لە کاتی تەواف کردن ڕەوا نییە، بە تایبەتی لە لای ( الحجر الاسود ) و لە لای ( مقام ابراهیم ) ( علیه سلام ).



# کاتێك لەتەوافکردن دەبێتەوە ئەم کارانە ئەنجام بدات ..

١

دا پۆشینی شانی ڕاستی .

٢

ئەنجام دانی دوو ڕکات نوێژ لە پشت مەقامی ئیبراهیمەوە ئەگەر توانی ، ئەگەرنا لە هەر جێگایەك لە مزگەوتی حەرامدا ئەوەش سوننەتێکی جەختلەسەرکراوە.

٣

لە ڕکاتی یەکەمدا لە پاش الفاتحة سورەتی الکافرون دەخوێنێتەوە.

٤

لەڕکاتی دووەم لە پاش فاتیحە سورەتی الاخلاص دەخوێنێتەوە.

ئەگەر سوڕەتی تریش بخوێنێ هەر دەبێت

# سەعی کردنی عومرە..

لە پاش تەواو کردنی تەواف دەردەچێت بۆ لای صەفا بۆ ئەوەی حەوت جار سەعی بکات، کاتێك لە صەفا نزیك دەبێتەوە دەڵێت :

(ان الصفا و المروة من شعائر الله)

ئینجا سەر دەکەوێتە سەر صەفا و بەرانبەر کەعبە ڕادەوەستێت و سوپاسی خوای گەورە دەکات و ، سێ جار ( الله اکبر ) دەکات و ، دە پاڕێتەوە و نزا دەکات و دەستی بەرز دەکاتەوە و دەڵێت :

لا اله الا الله وحده لا شريك له الملك و له الحمد و هو على كل شيء القدير،
لا اله الا الله وحده ا نجز وعده ونصر عبده و هزم الاحزاب وحده..


ئەم وێردە سێ جار دووبارە دەکاتەوە و لە نێوانیاندا هەر پاڕانەوەیەکی پێ باشە بپاڕێتەوە، ئەگەریش لەوە کەمتر بکات هەر دەبێت ، دەستی بەرز ناکاتەوە بۆ نزا و پاڕانەوە نەبێت و ، لە کاتی وتنی ( الله اکبر ) نابێت ئاماژەیان پێ بکات .

- ئینجا لەسەر صەفا دادەبەزێت بەرەو مەروە بەڕێکردن و دوعا دەکات بۆ خۆی و کەس و کاری و موسوڵمانان کاتێك دەگاتە لای ڕووناکی یە سەوزەکە بە توندی پێویستە ڕێ بکات ( ئەمەیش تەنها بۆ پیاوانە ) تاکو دەگاتە ڕووناکی یە سەوزەکەی تر، ئینجا بەڕێکردنی ئاسایی دەڕوات تا دەگاتە مەروە ..

# سەعی کردنی عومرە..

کاتـێك دەگاتە مەروە ڕوو دەکاتە کەعبە و، ئەو ویردانە دەڵێت کە لەسەر صەفا وتی ، ئینجا دادەبەزێت و ڕێ دەکات تاکو دەگاتە لای ڕووناکی یە سەوزەکە و بە توندی ڕێ دەکات تاکو دەگاتە ئەو ڕووناکی یە سەوزەکەی تر و ، ئینجا بە ئاسایی ڕێ دەکات تاکو دەگاتە سەر صەفا و، بـەم شێوەیش سەعیەکەی تەواو دەکات ، ڕۆیشتنی لـە صەفاوە بۆ مەروە یەك شەوتە، گەڕانەوەشی لە مەڕوەوە بۆ صەفا شەوتێکی ترە ئەگەریش ماندوو بوو یان نەخۆش بوو دەتوانێت سواری عەرەبانە بێت .

سەعی لە (صفا) دەست پێ دەکات و لە (المروە) تەواو دەبێت.




پەلە ڕێکردن بۆ پیاوان تەنها لەنێوان دوو نیشانە سەوزەکەدایە

# چەند تێبینیەک لەکاتی سەعی کردن..

ئەنجامدانی سەعی ڕەوایە بۆ ئەو ئافرەتەی لە( حیض ) و ( نفاس ) دایە، بەڵام ڕەوا نییە بۆیان تەواف بکەن ، چونکە جێگای سەعی کردن لە مزگەوتەکە ناژمێردرێت .

**لە هەڵە باوەکانی سەعی کردن**

پەلە ڕێکردنی ئافرەتان لە نێوان هەردوو نیشانە سەوزەکەدا.

**کۆتاترین کارەکانی عومرە**



لە پاش تەواوکردنی سەعی ئەو کەسەی عومرە دەکات پێویستە قژی سەری کورت بکاتەوە یان بیتاشێت، تاشینیش چاکترە، کورت کردنەوەیش پێویستە هەموو قژی سەر بگرێتەوە.

ئافرەت ئەوەندەی سەر پەنجەی لە قژی دەگرێت.

بەم شێوەیش کارەکانی عومرە تەواو دەبێت و ئیتر دەتوانیت هەموو ئەوانەی لەسەر قەدەغە کرابوون بە هۆی عومرەوە ئەنجامیان بدات.

# سەردانی مەدینە و قەبری پێغەمبەر (ﷺ)

شێخ (عبدالعزيز بن عبدالله ابن باز) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت :
سوننەتە بۆ ئەو کەسەی سەردانی مەدینە دەکات، بچێتە مزگەوتی پێغەمبەر (ﷺ)و ، دوو ڕکات یان زیاتر نوێژی تیا بکات و ، یادی خوای گەورە بکات و قورئان بخوێنێت و، ئامادەی بازنەکانی زانست ببێت و سەلام لە پێغەمبەری خوا بکات (ﷺ)و لە هەردوو هاوەڵەکەی، ئەگەر بۆ ماوەیەکیش تیایدا بمێنێتەوە خوا پەرستی بکات ئەوە چاکترە، چونکە پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت : ((صلاة في مسجدي هذا خير من الف صلاة في سواه الا المسجد الحرام))

واتە : نوێژێك لەم مزگەوتەی من چاکترە لەهەزار نوێژ لەهەر مزگەوتێکی تر جگە لە مزگەوتی حەرام نەبێت ، هەروەها (مستحب) ە بۆ ئەو کەسەی دەچێتە مەدینە سەردانی بەقیع بکات و سەلام لە نیشتەجێ کانی بکات و بۆیان بپاڕێتەوە لە خوا، هەروەها (مستحب) ە سەردانی شەهیدەکان بکات و، سەردانی مزگەوتی (قباء) بکات و دوو ڕکات نوێژی تیا بکات وەکو چۆن پێغەمبەر (ﷺ) سەردانی دەکرد، بەڵام ڕەوا نییە هیچ کەسێك بە دەوری قەبری پێغەمبەر (ﷺ) بسوڕێتەوە، چونکە ئەوە هاوەڵ بۆ خوا بڕیار دانە.

ئینجا سەردانی مزگەوتی پێغەمبەر (ﷺ) واجب نییە لەسەر ئافرەتان و پیاوانیش بەڵکو سوننەتە نوێژی تیا بکرێت و سەردانی قەبری پێغەمبەر (ﷺ) بکرێت.